**عەلی حەمە ئەمین گوندی میلقاسم :**

# ئەگەر جاش نەبوایە سەرباز نەیدەتوانی بماندۆزێتەوە . هەقە دادگایی بکرێن بۆ ئەوەی ببنە پەندوعیبرەت.

**دیداری ئەنفالستان**

**بەروار:** 2011/1/29

**گوندی میلقاسم – کاتژمێر** 11:20



خورشیدە محمود



عەلی حەمەئەمین

رۆژی 2011/1/29 لە گوندی وەلی هەیەرەوە بە سواری جیٚب وازێکی پەرپوت، بەرێکەوتین، بەرەو گوندی میلقاسم، کە گەیشتینە گوندی میلقاسمی 12 ماڵە، هیچ پەڵە هەورێ: بەئاسمانەوە نەبوو بەڵام ئەوەندەی نەبرد کە وەك رۆژێکی بەهار هەورەکان هاتن‌و بارانی داباراندە سەرگوندەکە، لەو کەشە باراناویەدا پرسیارم دەربارەی ئەو ماڵانەکرد ، کەخۆیان یان کەسوکاریان ئەنفالکراون، لەوەڵامدا. ووتیان، چەند کەسێك ئەنفالن‌و هەتا ئێستاش بێ سەروشوێنن، پاشئەوەی لەماڵی بەسێی ئەنفالکراو هاتمە دەرەوە توشم بوو بە دووپیاوەوە، ئەوان یەکێکیان پیرەمێردێك بوو کە بەرێکەوت رزگاری ببوو، ئەو پیاوە حاجی محمدی گوندی میلقاسم بوو بەڵام ئامادەنەبوو هیچ قسەیەك بۆ ئەنفالستان بکات، چونکە دەیگوت: من دەمەوێت بۆ تەلەفزیونێك قسەبکەم‌و دەردی دڵی خۆم هەلڕێژم دیاربوو زۆر پڕبوو لەگەندەڵی بەرپرسان‌و بەتایبەتیش لەئیمتیازو پلەوپایەی جاشەکان‌و پەراوێزخستنی کەسوکاری ئەنفالکراوان، حاجی محەمەدیش وەکو حەسەن بەگی گوندی نەوتی چوو بوو بەسۆراخی منداڵەکانیەوە خۆشی گیرابوو.

عەلی حەمەئەمین کە لەگەڵ حاجیدا وەستا بوو ووتی: من پێمخۆشە قسەت بۆبکەم، یەکێك لەو ماڵانەی کەچوومە دیدەنیان ماڵی ئەوان بوو، عەلی لەدایکبووی ساڵی 1955 ئەو کاتەی ئەنفالکراون ، خەریکی ئاژەڵداری‌و کشتوکاڵ بوون، عەلی‌و خورشیدە ساڵی 1984 چوارساڵ پێش ئەنفالی گەرمیان هاوسەرگیریان کردووە، ئەو کاتەی کەئەنفالکران تەنها تارای تەمەنی دووساڵیان هەبوو، ئەویش لەگرتووخانەی دبس لەبرسان مردووەو پاش شەش مانگ خورشیدەی دایکی ئازاد بووە، ئێستا عەلی‌و خورشیدە لەمیلقاسم دەژین‌و دایك‌وباوکی 5 کوڕوکچن‌و یەکێك لەکچەکانیان بەناوی تاراوە ناو ناوەتەوە .

هێشتانە گەیشتبوینە ماڵ کە عەلی سەری قسەی دامەزراندبوو، چۆن ئەنفالکراون‌و چۆن خۆی دەربازکردووەو ئەو مەینەتیانەی بەدەست جەیش‌وجاشەوە بینیویّتی، من تا کامێراکەم دابەست ئەو هەر قسەی بۆ دەکردم، لەڕاستیدا ئەوپیاوە چیرۆك‌و قسەی زۆری لەسەر ئەنفال‌و دەربازبوون‌و بێسەروشوێنکردنی خەڵك‌و ماڵوێرانی پێبوو، بەسەرهاتی خۆیان چیرۆکێکە مەگەر هەر لەلای میللەتی ئێمە بەبێباکیەوە تەماشابکرێت. عەلی حەمە ئەمین زۆردڵخۆش بوو کەخۆی لەبەرامبەر کامیرایەکدا دەبینیەوەو باسی مەینەتیەکانی دەگێڕایەوە ووتی: ئەمە یەکەمجارە کەسێك دەربارەی مەینەتی‌و ماڵوێرانییمان پرسیارم لێبکات، لەدرێژەی قسەکانی عەلیدا دەرکەوت کە ئەوکاتە جوتیارێرێکی هەژاری گوندی میلقاسم بووەو خەریکی ئاژەڵداری‌و کشتوکاڵ بووە، لەپێشەوە کۆپتەر ئاسمانی ناوچەکەی تەنیوەو کەوتووەتە بۆردومان کردن " لەهەمووڵایەکەوە زرمەو دوکەڵ بوو" ئەو خەڵکەی گەرمیان بەو جەوەڵانەدا بڵاوبوونەتەوەو وەکو مەلی هیلانە لێتێکچوو بەپیادەو سواری بەیەکدا دەهاتن‌و دەچوون، عەلی هەمان ئەو قسەیەی پیاوەکەی گوندی حەسیرەی دووپاتکرد ەو ووتی: ئێمە لەگوندی حەسیرەی وێرانکراو گیرمانخوارد 110 تراکتۆر لەوێ کۆبوینەوە، جەیش‌و جاش دەورەی دابووین، بەڵام ئەم توانیبووی خۆی تێکەڵی جاشەکانی حەمەصالح عەبدوڵا بکات‌و بەهۆیەوە دەربازببێت. ئەو خەڵکەی گەرمیان پێشتر لەلایەن فەتاح بەگی جافەوە ئاگادار کرابوونەوە کەبێن خۆیان تەسلیم بکەن‌و ئەو دەیان پارێزێ بەڵام ئەمان گوێیان پێنەدابوو. عەلی ووتی: دوسێ ریش چەرموو چووبوون بۆلای فەتاح بەگ ئەویش ئەو جوابەی بۆمان ناردبوو، بەڵام کەشەرِدەستی پێکرد فەوجەکەی فەتاح بەگ لەم ناوەدابوو (فەوجی 35) ئیتر هەرچی خەلکی ئاواییەکانە لەداوەدەو جاف‌و زەنگنە گشتی هاتەخوارەوەو لەمللە سورە کۆبوونەوە. بەڵام تازە کارلەکارترازبوو ئەو کەسێ پێ رزگارنەدەکرا، ئەمە قسەی عەلی حەمەدەمینی گوندی میلقاسم بوو.

## گردبوونەوەی خەڵك لە مللە سورە بە هۆی فەتاح بەگەوە بوو

عەلی ووتی ئەو خەڵکە کەهاتن لەمللەسورە کۆبوونەوە وتیان بەلکو فەتاح بەگ فریامان بکەوێت‌و قسەنەکات ..بەڵام ئیتر ئەوەبوو فریای کەس نەکەوت‌و ئەوخەلکە هەمووی فەوتا. لەوەڵامی ئەو پرسیارەشدا کەچۆن خانەوادەکەی ئەنفالکراون عەلی بەم شێوەیە قسەی کرد: کە هاتینەخوارەوە بەمەکینەی خۆمان هاتین (دایکم‌و باوکم‌و خوشکێکم‌و خێزانەکەم‌و یەك کچم هەبوو دوساڵان بوو کوڕێکی خەڵکی تەپەسەوزیشمان لەگەڵدا سواربوو، ناوی فایەق بوو کوڕی حەمەصالحی عەولقادری ئاڵیجان بوو، رۆیشتین من تاقم‌و تفەنگم پێبوو کە گەیشتینە نزیك مللەسورە باوکم زۆری لێکردم ووتی: تۆ دابەزە وەزعەکە زۆر خراپ بوو منیش مەکینەکەم دایە فایەق ئەو سایەقی دەزانی، خۆم دابەزیم بەچەکەوە خۆم کردە ناو جاشەکانی حەمە صالح عەبدوڵاوە، دواتریش خۆم لێیان دزییەوە خۆم شاردەوە بەڵام دوایی کە هەموو کەسوکارمان لە ملەسورە کۆکرابوونەوە، منیش چووم بۆلای رانەکەمان‌و شەو بە رانەوە خۆمکردە صمودا هەربەرانەوە، لەوێش زۆر ئەترسام ووتم بەخوا خەڵك ئیخباریمان دەکات، ئیتر حەمەسەعی حاجی سلێمان چووبوو بۆلای سەعید حەمەغەریب

موستەشـــاری فـــەوجی 251 بـــوو پێـــی ووتبـــوو هەنـــدێك خـــزمم هەیـــە بابێنـــە لات ئـــەویش وتبـــووی بـــا خۆیـــان بشــــارنەوە هــــەتاکو دەرفــــەتێکیان بۆدەدۆزمــــەوەو تەســــلیمیان دەکەمــــەوە، وەڵا هەفتەیــــەك دوان خۆمــــان شـــاردەوە ســـەعید جـــاف خـــۆی چـــووبوو بـــۆلای کاحەمەســـەعیدی حـــاجی ســـلیمان ووتبـــووی چـــی قـــەومت هەیـــە بیانهێنـــە تەســـلیمیان دەکەمـــەوە نـــاهێلم هیچـــیان بۆبێـــت، ئـــیتر بردمـــانی بـــۆ ئیســـتخبارات بـــەڵام چـــۆن خـــەریکبوو زیرەمـــان دەکـــرد، کـــاتێکم زانـــی خـــەڵکێکی زۆری تـــری هـــاورد لەجافوزەگنـــەو داوێ و ئۆمـــەربلی و عـــەزیز قـــادر زۆربـــووین ئـــەو رۆژە 80کـــەس بـــوین هەرلەبـــەیانی یـــەوە هـــەتا 9ی شـــەو ئینجـــا ئیفادەمـــان تـــەواو بـــوو، لـــەوێ بەکـــەم کـــەس براکـــەی منـــی بـــانگ کـــرد (حبیـــب)ی نـــاوبوو لـــەوی پرســـی ئێـــوە چـــی بـــوون و لـــەکوێ بـــوون، ووتـــی: ئێمـــە خـــەریکی فەلاحـــەت بووین وفـــەقیری مـــاڵی خۆمـــانین کـــابرای ئیســـتخبارات هەســـتا دەســـتی نایـــە بینـــە قاقـــای حـــەبیب، ووتـــی _ احچـــی) ئـــەوە ســـەعید جـــاف مـــاوە لـــەوێ بـــوو ووتـــی: بلّـــێ پێشـــمەرگە بـــووین، ئـــیتر کـــابرا یـــەك یـــەك نـــاوی شـــەرەکانی دەهێنـــا شـــەری ئۆمـــەربل هـــی کـــوێ و کـــوێ وتمـــان بـــەڵێ لەهـــەمووی شـــەڕمان کـــردووە بـــە زۆرکـــراین بـــە پێشـــمەرگە . ئێمـــە ســـەعیدحاف فریامـــان کـــەوت ئـــەگینا دەرنەدەچـــووین و خۆشمـــان دەکرایینـــە ژێرخۆڵـــەوە. هەرچـــەندە ئەوماوەیـــەی بەتـــەنیا مابووینـــەوە مـــردن بـــوو مـــن حـــەوت مـــانگ بـــێ مـــاڵ و حـــاڵ بـــووم مـــاوەی ســـێ مـــانگ لـــەماڵی عـــەلی حـــاجی ئەحمـــەدی پیـــازە جـــار بـــووم و ئـــەوان داڵـــدەیان دابـــووم . ئێمـــە هیچـــمان نـــەما خـــراپ لێمـــان قـــەوماو مـــاڵ وێران بووین.

لـــەوەڵامی ئـــەو پرســـیارەدا ئـــاخۆ فـــەتاح بگـــی جـــاف هـــیچ بـــەڵێنێکی بەخـــەڵك دابـــوو هـــەتا خـــەڵك بەقســـەی ئـــەو بێتـــەوەو خـــۆی بخاتـــــە تـــــەنوری ئەنفالـــەوە ..؟ عـــەلی ووتـــــی: نەبـــــەخوا هـــــیچ بـــــەڵێنێکی بەکـــــەس نـــــەدابوو خـــــــــــــەڵك هەرلەخۆیـــــــــــەوە دەیگـــــوت بەشـــــکم فریامـــــان بکـــــەوێت، خەڵکەکـــە چـــووبوون بـــۆلای فـــەتاح بـــەگ پێـــــی گوتبـــــوون هیچـــم پێناکرێـــت




ئـــەوە شـــەرەو حکومـــەت لەهـــەموو لایەکـــەوە هێرشـــی کـــردووە تـــازە هیچـــم پێناکرێـــت.. فـــەتاح بـــەگ دەســـەڵاتی بـــوو عەمیـــد بـــوو لەجەیشـــدا . ئـــیتر ئـــەو خەڵکـــەی لـــەداوێ و زەنگنـــەو جـــاف هاتـــە خـــوارەوە بـــۆ ملەســـورە جـــەیش راپێچـــی کـــرد ئـــەوەی تراکتـــۆرو ســـەیارەی بـــوو بەســـواری ســـەیارەو تراکتـــۆری خـــۆی و ئـــەوەی

نەیبوو خرایە زیلی عەسکەریەوە، بۆ قۆرەتوو، لەوێوەش دوای یەکدوو رۆژ بردیانن بۆتۆپزاوا، ئیتر ئەوخەڵکە فەوتا هەندێك ڕیشچەرموو لەنوگرەسەلمان هاتنەوە ئەوەی تری بەتایبەتی ئەوەی کە وەکو ئێمە گەنج بوو کەس نەما رۆیشتو نەگەرایەوە .

سەبارەت بەچارەنوسی باوك‌ودایکی‌و ژن‌ومنداڵەکەی عەلی ووتی: حەوت مانگ ئێمە بێ ماڵ‌وحاڵ بووین، هەرچەندە دوای سێ مانگ باوکم‌و خوشکێکم لە نوگرەسەلمان بەربوون‌و هاتنەوە بەڵام هاتنەوەی چی حسابکە مەیتێکمان بۆهاتەوە ئەتوت لە قەبرسان هاوردویانەتەوە. ژن‌ومنداڵەکەشم هەر گیرابوون کچێکی دووساڵانم هەبوو لەگەڵ دایکیدابوو ئەو لەدبس لەگەرماو لەبرسا مرد، دوای شەش حەوت مانگ هاوسەرەکەشم لەدبس گەرایەوەو هاتەوە بۆکەلار.

## دادگایی کردنی جاشەکان

دادگایی کردنی جاش‌وموستەشارەکان گرێیەکی دەرونی گەورەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانە، عەلی ووتی: ئێمە جاش مالۆێرانی کردین ئەگەر ئەوان نەبوونایە عەسکەری نەیدەتوانی بگاتە هەموو شوێنێك بۆیە هیوادەخوازم ئەو پیاوخراپانە دادگایی بکرێن‌و سزای خۆیان وەربگرن. بۆئەوەی ببنە پەندو عیبرەت‌و حاریکی تر جاشایەتی دروست نەبێتەوەو میللەت مالۆێران نەبێت، عەلی جەختی کردەوە ئەگەرجاشی فەتاح بەگ‌و عەدنان دیسکۆو حەمەی عیساو سمایلی عەزیزاغا نەبوایە لەناو زەنگنەو داوەدا عەسکەر دەیتوانی بمانشکێنێ و خەڵك بگرێ ..؟ عەلی وتی: جگە لە سەعیدجاف‌و حەمە صالح عەبدولا یەك کەسیان باش نەبوون هەر ئەوان خەڵکیان رزگارکردووە کەسیان خەلکیان رزگارنەکردووە. ئێستا برا خۆمن جافم فەتاح بەگ خۆی بەسەرۆکی جاف دەزانێ وەڵا برا ئەوانە خراپەیان زۆر بووە. سمایلی عەزیزاغاش زەنگنەیە قومەکەی خۆی نەبێ کەسی رزگارنەکردووەو پاکی تیاچوو. عەدانان دیسکۆ خراپی وەکو خۆی نەبوو.

## خورشیدە محمود محمد

خورشیدە لەدایکبووی ساڵی ( 1968) گەرکی خەباتی شاری سلێمانیە، لەگەڵ هاوسەرەکەی خالۆزاو پورزان‌و ساڵی 1984 شووی بەعەلی حەمەئەمینی گوندی میلقاسم کردووە، لەپەلاماری ئەنفالی سیدا گیراوەو بە سواری تراکتۆرەکەی خۆیان بردویانن بۆ قۆرەتوو، دوای سێ رۆژ مانەوە لەترس‌ولەرزدا بەسواری کۆمەڵێك زیلی عەسکەری گوازراونەتەوە بۆ تۆپزاوا، کە لەنیوان هەر دو زیلی سەربازیدا سەیارەیەکی پاسەوانیش هەبووەو لەناو هەر زیلیکیشدا لەگەڵ ئەنفالکراوەکاندا سەربازێك بەکلاشینکۆفەوە سواربووە، بردویانن بۆ تۆپزاوا. خورشیدە دەگێرێتەوە کە گەیشتوونەتە تۆپزاوا یەکسەر خراونەتە هۆلێکی گەورەوە، کە خەڵکێکی زۆری تێکرابوو تەنها جێگەی دانیشتنیان هەبووە بۆیە نەی توانیبوو بخەوێت، بەیانی لەهۆلەکە دەریان کردوونەتە دەرەوەو دوبارە کردوویانەتەوە ناو هۆڵەکە ئەوساکە هێشتا خەسووی لەگەڵدابووەو تارای کچیشی پێبووە، ئیتر لەناو هۆڵەکە کەوتوونەتە ناونوسکردنیان‌و پاش ماوەیەکی کەم سەیارەی داخراویان بۆهێناون‌و بردویانن کاتێك دایانبەزاندوون لە معسکرێکدا خۆیان دیوەتەوە پێیان ووتووە دبس، بەڵام مەینەتی ئەو ژنانە لەوە دابوو کە لە تۆپزاواوە نەیانهێشتووە هیچ شتێك لەگەڵ خۆیاندا بەرن، لەوێش خراونەتە ناو کۆمەڵێك

هۆڵی پیس‌وپۆخەڵەوە کە چواردەوریان بە گونیی خۆڵ گیراوە، ئیتر هەرچۆنێك بووە توانیویانە مقەبایەك بدۆزنەوە تارای تەمەن دوساڵی بەخەنەسەر ئیتر وردەوردە عەسکەرەکان (کە سەربە سوپای میللی بوون) نەرمییەکیان نواندبوو لەچاو ئەوانەی تۆپزاوا مقەباو گونیی بەتاڵیان پێدابوون تا ئەنفالکراوەکان لەسەری بخەون، بەڵام لەوێ تارای تەمەن دووساڵ لە گەرماو لەبرسا توانای نەماو بەئاواتی تەماتەیەکەوە گیانی لەدەستداو عەسکەرەکان هەرئەو شەوە لەدایکیان سەندوەو بردویانە بێئەوەی دایکی بزانێت ناشتوویانە یان فرێیانداوە .

خورشیدە سەرباری ئەو هەموو مەینەتی‌و ئازارەی لەگوندەکەیانەوە تا دبس دیبووی، ناخۆشترین کات ئەوچرکەساتە بوو کە تارای کچی گیانی لەدەستداوەو برسا مردووە، بەتایبەتیش ئەوکاتەی گریاوە بۆ تەماتەو ئەویش لەئەنفالکراوەکان وەکو هەر شتێکی تر حەرام بوو، ئەوان کە بەزەحمەت نانیان دەست دەکەوت چۆن تەماتە بۆ تارا پەیدا بکەن.

خورشیدە کاتێك ئەو چیرۆکەی بۆ دەگێرامەوە وام هەست دەکرد لەناو زیندانەکەی دبسەوە قسەم بۆدەکات،بەتایبەتی ئەوکاتەی باسی داواکەی تارای تەمەن دووساڵی بۆ دەگێڕایەوە ( ژنێکمان لەگەڵدابوو ناوی نەجیبە بوو لەبنەڕەتەوە خەڵکی کەرکوك بوو لێرە شووی کردبوو پێم ووت: دادە نەجیبە من عارەبی نازانم بەشکم بەمام نوری بلێیت تەماتەیەکم بۆ پەیدا بکات کچەکەم نەخۆشە داوای تەماتەم لێدەکات وەڵا ماڵی ئاوابێت نەجیبە چووبوو بۆلای مام نوری ئەویش مەسئول بوو لەدبس کەهاتەوە ووتی: بەخوا نەیداومەتێ ئیتر کچەش بەو ئاواتی تەماتەوە دوای دورۆژ سەری نایەوەو تۆ خۆش.. ئەم بەسەرهاتەی خورشیدەو تارا کت‌ومت چیرۆکی نەبات فایەق‌و منداڵەکەیەتی کەداوای خەیاری لێکردبوو دەستی نەکەوتبوو دواتر منداڵەکە تاکەنەعلیکی سەوزی منداڵانەی نابووە دەمی هەتاکو گیانی دەرچووبوو جوبووی ) تارای خورشیدەش بەهەمان مەرد چوو ئەویش دەمی نەگەیشتە تەماتەو گیانی لەدەستداو هەرئەوشەوە لەدایکیان سەندو هەتا ئێستاش گۆڕ ونە.

خورشیدە ووتی: زۆرمنداڵ لەدبس مردن هەرئەوەی من نەبوو ژنێکی تریش لەدرۆزنە منداڵەکەی مرد هەربەمەردی من چوو .ژنێکی تریش هەرخەڵك درۆزنەبوو کورێکی نوقسانی پێبوو کورەکەی ناوی کاروان بوو هەرلەوێ مرد .

بەرەو دۆزەخی نوگرەسلمان :

خورشیدە ئەوەندە بەکەساسی‌و بەماتیی قسەی بۆدەکردم، زۆرجار زۆرم لەخۆم دەکرد کە پرسیاری ئاراستە بکەم، هەستم دەکرد غەدرێکی گەورەی لێدەکەم کە دەیگێرمەوە بۆرژگارە مەینەتبارەکانی ئەنفال، بەڵام بەوە هانی خۆم دەدا کە ئەمە دۆکۆمینتکردنەو نوسینەوەی چیرۆکی مرۆڤێکە بۆ مێژوو دیاربوو ئەویش هەربەو نیازە قسەی بۆدەکردم، کاتێك باسی بردنیانی کرد بۆ نوگرە سەلمان، ووتی: رۆژێکیان هەرزوو هاتنە ناومانەوە دەستیانکردە ناونوسینمان، ئیتر سەیارەیان هێناو بارمانیان کرد ، بەیانیەك بوو کەوتینەرێ بەڵام ریگاکە نەدەبرایەوە مەغریب گەیشتینە لای قەڵایەکی سپی گەورە لەوێ دایانبەزاندین ووتیان ئەمە نوگرەسەلمانە بەڵام نوگرەسەلمانی چی تۆ بێژە دۆزەخ .. بەڵام لەرێگا دالغەی وامان بوو دەمانگووت رەنگە بمانبەن لە چۆلەوانیەك فرێمانبدەن یان بمانکوژن ووتمان ئەگەر دامانیان گرت ئێمەش هەربەبەرد سایەقەکان دەکوژین بائەوانیش لەگەڵ ئێمە بمرن، بەو لەونە

گەیشتینە نوگرەسەلمان شوێنیێ:ی قەرەبالغ نە ئاومان دەست دەکەوت نەکارەبا هەبوو تاریكو قەرەبالغ هەر شوێن نەبوو دابنیشین خەسووم لەوێ سۆراخی خەزورەمی کرد ووتیان وەڵا ئەوە ناویان نوسیوە هەربەو سەیارەی ئێوە دەیانبەن ئیتر زۆر گەراین نەماندۆزییەوە.. ئەویش پیربوو لەبرسا کوشتبوونیان هیزیان لەبەربرابوو، خوایە ئەو شەوەمان چۆن رۆژکردەوە بڕواو نەیەتەوە هەتا تاریکبوو باشتربوو حالی خەلکەکەمان وەچاونەدیبوو بەیانی کەرۆژ بووەوە چی ببینین ئەو خەلکە لاکەی ئەهات لەبرسانو لەتینوان ، پێمانیان ووت خۆزگە بمردنایەو نەهاتنایە بۆ ئێرە.. ئینجا لەوێ سجنێکی تریش هەبوو ئەوە یان جیابوو نەیاندەهێشت کەس بیانبینیێ نەمان زانی ئەوانە چی بوون. .. نوگرەسەلمان ناگێڕدرێتەوە ڕەزالەت بوو هەتا خواحەزکات ناخۆش بوو برسێتیو نەهامەتی بەدەم باس ناکرێت. شەوی واهەبوو 15 کەس لەبرسا دەمرد، ژنێکی خەڵکی گوندی درۆزنەمان لەتەکابوو بەپێشچاومەوە خۆشیو منداڵەکەشی مردن ژنەکە ناوی سەرگوڵ بوو، بەڵام منداڵەکە ناوەکەی نازانم، ئەوەی زۆرترسناك بوو بینینی حەجاج بوو بە کێبڵ لەخەڵ:ی ئەدا لەمنداڵی ئەدا بڕواو نەیبینینەوە.. ئەو ئەفسەرە زۆر ترسناكو خراپەکاربوو.

خورشیدەو دشەکەیو خەسووی هەمیشە پێکەوە بوون، ئەوان دوا پۆلی بەندکراوەکانی نوگرەسەلمان بوون کەبەردرانو سواری سەیارەیانکردن بەکاروانێك لە نوگرەسەلمان هێنایاننە دەرەوەو بردبویانن بۆ سەماوە لەوێ ماوەی پێن رۆژێك هیلڕابوونەوەو خواردنی باشیان پێدابوونو رێگەیان پێدابوون خۆیان بشۆرن بۆئەوەی تۆزێك رەنگ هەڵبهێننەوە، شەوانیش کۆیانکردوونەتەوەو قسەیان بۆکردوون دەربارەی دەستکەوتەکانی شۆرشو بەخشندەیی سەرۆکی فەرماندە.

دواپرسیاری من ئەوەبوو کەئەم قسانەی تۆ بڵاوبکەمەوە خورشیدەی ئەنفال چەشتوو ووتی: ئەرێ بەخوا زۆر حەزدەکەم بڵاوبێتەوە چونکە هەتا ئێستا کەس پرسیاری لێم نەکردووە. پێمخۆشە بڵاو ببێتەوەو هەمووکەس بەو بەسەرهاتە ناخۆشەمان بزانێت ..

سەبارەت بەدادگایی کردنی جاشەکان خورشیدە ووتی: ئەی چۆن حەزناکەم دادگایی بکرێتو سزابدرێن ئەوانەی خراپەیان کردووە با سزای خۆیان وەرگرن.